# 126 منالْ چاوەڕوانن بەرد باران بكرێن

بە پێی هەواڵێك كە لە سایتی العربیە بڵاو كراوەتە سەبارەت بە قصاصی منالان، تێیدا هاتووە كە 126 "طفلا" في السعودية ينتظرون "السياف". یاسای قصاص و سەیاف و سەنگسارو چی و چی ، ئەو یاسا نامرۆڤانەن كە لە ئاینی ئیسلامەوە سەرچاوەیان گرتووە لە بەشێكی زۆر لە و وولاتاندا كە ئیسلام تێیدا دەسەڵاتی هەیەو حوكم بە ڕێوەدەبەن، ئەم یاسا دژی مرۆیە تێیدا لە دژی منالان و ژنان بەڕێوە دەچێت.



بە پێی ئەم یاسای دژی ئینسانەی ئیسلام ، شێوەی جۆراو جۆر هەیە بۆ بەردباران كردنی ئینسان و بە تایبەتیش ژنان و منالان ، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیدا چاڵێك هەڵدەكەنن تا نیوەقەدی مرۆڤەكە، ئەمجا خەڵكانێكی زۆر كۆ دەكەنەوە و دەست دەكەن بەبەرد باران كردنی ، تا لە نێو بەردا نقوم دبێت و بە ئازارەوە دەیكوژن ، یان هەڵكۆڵینی چاو ، لە هەندێ شوێنی وەك وولاتی عەرەبی سعودیە جگلە لەمە یاسای دەست برین یان لێكردنەوەی یەكێك لە ئەندامەكانی لەشی مرۆڤیش هەیەو پەیرەوی لێدەكرێت.

ئەم یاسا بەربەریانەو دژی ئینسانیانە تەنها لە وولاتانی ئیسلامی و لە ژێر پەیامی ئیسلام و ئاینی ئیسلامدا بەڕێوە دەچێت، وە یەكێكە لە وەحشیترین و دژی ئینسانی ترین یاساكانی سەر رووی ئەم زەوییە. دەسەڵاتدارانی عەرەبی ئیسلامی سعودیە بۆخۆیان سەرچاوەی توندو تیژی و تاوانن دژ بە ژنان و منالان ، یەكێك لە دیكتاتۆرترین وولاتی دنیایە و لە ژێر سایەی جبەو عەمامەكانیاندا ژن ئەسڵەن وەك مرۆڤ بە حیساب نایەت و لە سادەترین مافەكانی خۆیان بەهرەمەند نین ، لێدان و سوكایەتی كردن بە منالان و ئیتاعەكردنیان بۆ گەورەكان و حیجابی بەزۆری منالان، بە منالی بەشودانیان و ئیغتصاب كردنیان ، ئەمانە سادەترین شتێكە كە لەژێر دەسەڵاتی حوكمی قەرەقوشی عەرەبی ئیسلامی سعودیەدا بەڕێوە دەچێت. هەر ئەمەشە سەرچاوەو هۆی هەموو ئەو تاوانانەی كە منالان لە سعودیە پێی هەستاون.

جێگەی داخە كە بەشێكی زۆری ئەو خەڵكانەی كە هاتوون لەسەر ئەم فتوایەی ئیسلام و یاسای جەنگەڵی دژی ئینسانی وولاتی سعودیە نەزەری خۆیان داوە، بەگشتی لەو ئیسلامیانەن كە زۆربەیان لەگەڵ كرۆكی ئەو یاسایەدا كێشەیەكی ئەوتۆیان نییە و لەدژی نەوەستاونەتەوە، وە بەشی زۆریان دەڵێن ئەمە یاسای خودایە و نابێت دەستكاری بكرێت، لە هەمان كاتدا بەڕێوەبەرانی ئەم سایتە جگلە لە نەزەری شیرو تیر بۆ كوشتنی منالان هیچ نەزەرێكی تری موجالەف بە خۆیان بڵاو ناكەنەوە.

ئێمە لە ڕێكخراوی "سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالان" بەتوندی لە دژی ئەم فتوا نامرۆڤانەیەی حكومەتی سعودیە دەوەستینەوەو مەحكومی دەكەین. ئەم یاسایە تەواو لە دژی مرۆڤ و لەدژی هەرجۆرە ماف و عورفێكی ئینسانییە، ئەگەر نوێنەرانی كۆنەپەرستی ئاینی ئیسلام و ئاخوندو عەمامە بەسەركانی سعودیە لەهەرجێگەیەكی تری ئەم دنیایەدا و لە وولاتانی پێشكەوتووی ئەمڕۆی دنیادا باس لە سەپاندنی ئەم یاسایە بكەن نەك بەسەر ئینسان و منالاندا بەڵكو بەسەر گیانەبەردا ، ئەوا خۆیان و حكومەت و یاسایان ڕیسوا دەكرێن و دەكەونەبەر نەفرەت و تورەی خەڵك لە هەموو دنیادا.

یاسای قصاص و بەردبارانی منالان ، بەهەر هۆیەكەوە بێت دەبێت هەڵوەشێتەوە و هیچ كەس ئیجازەی نییە كە منالان بەردباران بكات، سوكایەتیان پێبكات وسزایان بدات ، بەڵكو دەبێت تەواوی پێداویستیەكانی ژیانیان بۆ دابین بكرێت و لە ژیانێكی خۆش و ریفاە بەهرەمەند بكرێن ، ئەوە حكومەتی سعودیەیە كە بەرپرسە لەوتاوانانەی كە ئەو منالانە ئەنجامیان داوە نەك منالەكان خۆیان ، سیستەمەمی حكومڕانی دكتاتۆرانەی حكومەتی سعودیە كە بنەمای یاساكانی لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە ، تا سەر مۆخ یاسا و سیستەمێكی دژی منالان ، دژی ژنان و بەگشتی دژی دیموكراتیك و مافەكانی ئینسانە، ئەركی هەموو ڕێكخراوە مرۆڤدۆستەكان و بەرگریكەرانی مافەكانی مرۆڤ و بەتایبەتیش مافەكانی منالانە كە لەبەرامبەر یاسای بەردباران و قصاصی نامرۆڤانەی حكومەتی سعودیەدا دەنگ هەڵبڕن ، وە بەهەر شێوەیەك بۆیان دەكرێت فشار بخەنەسەر حكومەتی سعودیە كە دەستبەرداری ئەو یاسا دژی ئینسانیە بێت.

نەفرەت لە یاسای بەربەری و دژی ئینسانیتان

ئازادی بۆ منالانی سعودیە

شێرزاد فاتح

سەنتەری بەرگری لەمافەكانی منالان

www.santarimnlan.com

sherzad_f@yahoo.com